# لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
# بە بلوێری دوژمن سەما دەکەن

## سالار بابەشێخ

"ناهۆمێدی کوڕی کورد ناناسیَ، باش دەزانیَ کە لە خوێنمژ راسیَ". ئەمە دێرە شێعرێکی مامۆستا هەژاری زیندوو یادە کە پێیوایە کورد، مل بە زۆردار نادا. ئەزیش لە سەر ئەو قەناعەتەم کە هێشتا کوڕی کورد و کوڕی رۆژی تەنگانە لە ناو نەتەوەکەماندا، هێزێکی لە بن نەهاتووەو هەر ئەو لاوانەی کە ئێستا رۆژانە نیو مەن رۆن لە پرچیان دەدەن، لە بەرامبەر "خوێنمژدا" هەر کامیان دەتوانن سەروەرییەکی تر بۆ مێژووی گەلە خۆشی نەدیوەکەمان تۆمار بکەن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بەرەنگاری پیلاندووران و نەیارانی کوردستان بکەن. واتە هێزەکە هەیە، بەڵام پاڵنەرەکە نییە، چونکە رێبەرایەتییەکە لە کێڵگەی خۆخواردنەوەدا چەقیوە!!

کاتێك رێبەرایەتیی خەباتی رزگاریخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە ناو رێکخراوەو قەوارەی سیاسی و ئایدۆلۆژیای حزبی خۆیاندا، بەبیَ هیچ بنەمایەکی فکریی جیاواز، دژایەتی کۆنە هاوسەنگەران و هاوخەباتانی خۆیان دەکەن و هەر رۆژەو بە بیانوویەك دەستە و تاقمێکیان تووشی لێکترازان و جیابوونەوە دەبن، کاتێك لە حزبێکدا شەڕی دەسەڵات و خستنە ژێر رکێفی سەرچاوەکانی داهات، کارێکی وایان بەسەر دێنیَ کە بە جاران سەنگەر لە یەکتر بگرن و هەندێکجاریش بە کێرد و چەقۆ بەربینە گیانی یەکتر، ئیتر نازانم خوێنمژ کێیە هەتا گەنجی کورد لێی راسیَ؟!

دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران جاری وایە بە بیَ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن هەموو ئاواتە چەپەڵەکانیان لە سەردەستی سەرکردەکانی ئێمە دێتە دی!! لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بلوێری دوژمن سەما دەکەن، نازانم رێبەرایەتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان تا کەی لە رابردووی شوومی پەرتەوازیمان پەند وەر ناگرن؟ لە باشووری کوردستان دوو حزبی سەرەکی کە دەستیان بەردەوام بە خوێنی یەکتر سوور بوو، ئێستا برای سوێندخواردووی یەکترن و بوونەتە چەقڵی چاوی سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان. پاکانە بۆ کەموکووڕییان ناکەم، بەڵام دەبێژم لە فامی پۆلیتیکاڵ و دیپلۆماسییەتی سیاسی تێگەیشتوون، لانی کەم تاکتیکیان بەرامبەر بە یەکتر نەماوە و بە دانوستان و دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر دەکەن. ئەوان دوو حزبی جیاواز و خاوەن رەهەند و بیرۆکەی تایبەتی جیاوازن، ئەگەر زۆریش پێکەوە کۆك نەبن تووشی عەیبە نابن، بەڵام لایەنە سیاسییەکانی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نەك هەر یەکتر ناخوێننەوە بەڵکو لەناو خۆشیاندا تینووی سەری یەکترن!! چارەکە سەدەیەکە ئەوەی داخوازیی گەل و خواستی خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرە، شەپشەێنی پێدەکەن و هیچ حسابێك بۆ ئاوات و حەز و داخوازەکانی ئەم گەلە بەش مەینەتە ناکەن. پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نەك هەر لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نەماوە، بەڵکو دەیان کۆسپ و لەمپەری تریان لە بەردەمیدا دروست کردووە.

دوای رووخانی رژێمی بەعس و بە هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران ناچار بوو واز لە تیۆری ئۆپۆزیسیۆن بێنیَ و شەڕی ئەمریکا لە عێراقدا بکات. ئیتر حزب و لایەنە سیاسییەکانی جێگیر لە باشووری کوردستان، بە کوردستانی و ئێرانییەوە تا رادەیەك حەوانەوەو دەرفەتی لەباریان بۆ رەخسا کە دەکرا لەو دەرفەتە کەڵك وەربگرن و زیاتر لە یەکتر نزیك ببنەوە، بەڵام بە داخەوە زۆر بە پێچەوانەوە جووڵانەوە و خەریکن تویَی ناهۆمێدی لە دڵی خەڵکدا دەچێنن.

ئێران لە پێناوی شەڕ لە دژی سوننەی عێراق و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی شیعە لەم وڵاتە بیَ سەروبەرەیەدا، تەنانەت وازی لە ئیسرایل و ئەمریکا هێناوەو لە رێگەی ملیشیا شیعەکانی دەستپەروەردەی خۆیەوە، لە هەوڵی ئەوەدایە بەهەر شێوەیەك بووە شەڕی تائیفی بە لای شیعەدا بشکێنێتەوە و رژێمێکی هاوتای خۆی لە ناوچەکەدا دروست بکات. لەم گەمە سیاسییە مەترسیدارەدا رژێمی ئێران دوژمنی سەرەکی و ستراتیژی خۆی ئاشکراتر کردو تەنانەت لەگەڵ ئەمریکاش ئامادە بوو چەندین دانیشتن بکات.

لەو سەرقاڵییەی ئێراندا، سەرکردایەتی سیاسی حزب و لایەنەکانی سەربە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەیانتوانی هەلەکە بقۆزنەوەو لانی کەم بەرەیەکی هاوبەش پێك بێنن و خۆیان بۆ ئەگەری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە ئامادە بکەن، بەڵام بەداخەوە دوژمنی سەرەکییان بەلاوە نا و هەتا هەنووکەش هەر حزب و لایەنێك لە ناو خۆیدا سەرقاڵی یەکتر بوغزاندن و دەمەلاسکێی یەکترن!!

ئاڵای کوردستان لە پۆپەی بەرزان دەشەکێتەوە و کورد بەرەو دەوڵەت بوون کەوتۆتە سەر هەنگاوی خێرا، کەچی ئێمە پشتمان تێهەڵکردووە!! هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی کوردستان لە جیاتی ئەوەی بە دووی خێڵی سەربڕ و تیرۆریست بکەون، دەبیَ کاتیان بۆ نێوانجێتی ئێمە

**تەرخان بکەن!!**

**لەسەر ململانێی چەند سەرکردەیەکی پاوانخواز خەریکە زۆرینەی پێشمەرگەی نیشتمانپەروەر، ئاوارە و دەربەدەر دەبن و بۆنی پەشیمانی لە زاریان دێ !! ئەمە مەترسیدارترین رۆژانی خەبات و تێکۆشانە، بۆیە روو لە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلآتی کوردستان دەکەم و دەبێژم: شەڕی دەسەلآت و کورسیی پەرستی و تەماح کردن لە سەرچاوەکانی داهاتی حزبی، بەلاوە بنێن و سەروەرییەکانی خۆتان مەدۆڕێنن، چونکە هێشتا رێگایەکی دوور و درێژمان لە بەردەمە و زۆر زووە بۆ "ویلا" دروست کردن و سەروەت و سامان کۆکردنەوە، چونکە میرات وەرگرانی ئێمە نەوەی داهاتوون، نەك تەنها مندالّەکانی خۆمان. ئەگەر لەو بگرە و بەردەیەی ناوخۆیی خۆتان رزگار نەکەن و لە دوژمنی سەرەکی غافلّ بمێنن، دەکەونە ژێر جڕومەنگەنەی هەزاران پرسیارەوە کە ئەو کات رابردووی خاوێنیشتان دەسڕێتەوە. ئێوە بەرامبەر بەو گۆمی خوێنە بەرپرسیارن کە هەتا هەنووکەش لە بازرەقەی خوێنی کوردێکی رزگاریخواز جۆگە دەبەستێ... دەنا ئەگەر خۆتان بەرامبەر بە چۆڕەی خوێنی شەهید و فرمێسکی دایکەکانیان بە بەرپرس نازانن، واز بێنن و گۆڕەپانەکە بۆ خەڵکی تر چۆلّ بکەن، دلّنیا بن لە برسانیش نامرن، حزبەکانتان ئەوەندە بە ئەمەگن بژیوی خۆتان و مالّ و مندالّتان دابین بکەن، بێکاریش نابن، چونکە هەژار گوتەنی: "پەڕ و شەترەنج و تەختە دەردی بێکاری سەختە ". تەختە نەرد بکەن باشترە لەوەی نەبەردی ناوخۆیی بکەن.**